# خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ژیانی ئەحمەد موختار جاف

کاروان عوسمان خەیات
(تاران)

(٢ - ٢)

**بە قائیمقام بوونی ئەحمەدموختار:**

هەر لەبارەی بە قائیمقامبوونی ئەحمەدموختارەوە، ئەوە لە دەستنووس و کتێبە چاپکراوەکانیشدا ئاماژەی پێکراوە. نەجمەددین مەلا دەنووسێت: "ئەحمەدموختار بەگ چەند ساڵێک قائیمقامی هەڵەبجە و وڵاتی گوڵ عومەر و شارەزوور بووە.". (سۆزی نیشتمان، ١٩٤٢، ٣٧٧)، هەروەها لە مینای شکەستەیشدا دەنووسێت: "ئەحمەدموختار بەگ چەند ساڵێک قائیمقام بووە". (مینای شکەستە، ١٩٤١، ٥٠٨).

کەمالی لە دیوانی ئەحمەدموختاردا دەنووسێت: "لە زەمانی (ئیحتیلال)دا قائیمقامی هەڵەبجە بوو، لە پاشان بوو بە نائیبی سلێمانی". (دیوانی ئەحمەدموختار، ١٩٦٠، ٣) جارێکی دی کەمالی دەنووسێت: "سەردەمێک قائیمقامی هەڵەبجە بووە و مەبعووسیشی کردووە". (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ١٩٦٩، ١٠). مامۆستا سەجادیش دەنووسێت: "لەساڵی (١٩٢٢) بووە بەقائیمقامی ((هەڵەبجە)). لە (١٩٢٤)دا بووە بە نائیب لە پەرلەمانی حکوومەتی عێراقدا...". (مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٣٩٥، ٥٢٥).

(عادل سدیق)یش دەنووسێت: "جارێکی دیکە و لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان و هاوکات دامەزراندنی یەکەمین حکوومەتی شێخ مەحموددا پلەی قایمقامێتی شاری هەڵەبجە کەوتەوە دەست بەگزادەکانی عەشیرەتی جاف، لە سەردەمی یەکەم حکوومەتی شێخدا ئەحمەدموختار جاف وەک قائیمقامی هەڵەبجە دیاری کرا، کە ئەو کات تەمەنی لە (٢١) ساڵ زیاتر تێنەدەپەڕی، ئەگەرچی هەندێک لە نووسەران حامید بەگی مەجید بەگی برازای وەک یەکەمین قائیمقامی هەڵەبجەی سەردەمی یەکەمین حکوومەتی شێخ دیاری دەکەن، بەڵام سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەحمەدموختار ئەو پۆستەی وەرگرتووە نەک حامید بەگ، هەر وەک ڕووداوەکانی دواتر و شۆڕش و ڕاپەڕینی یەکەمی شێخ مەحموود دەری دەخات.". (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە، ٢٠١١، ١٥٤).

عادل سدیق لە جێگایەکی تردا دەنووسێت: "ژیانی سیاسی ئەحمەدموختار وەک ڕوونبووەتەوە لە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە و دامەزراندنی یەکەمین حکوومەتی شێخ مەحموودەوە دەست پێدەکات، ئەحمەدموختار لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩١٩-



**ئەحمەدموختار جاف**

١٩٢٥) قائیمقامی هەڵەبجە بووە، جگە لە ماوەیەکی کەمی ئەو قۆناغە نەبێت، بۆ نموونە: ئەو ماوەیەی کە شۆڕشی یەکەمی شێخی تێدا بەرپا بوو، لایەنگرانی شێخ دەستیان بەسەر هەڵەبجەدا گرت، یان ئەو ماوە کەمەی کە لای شێخ مەحموود لە جاسەنە بەند بووە، لەوە بەدواوەش لە خولەکانی یەکەم (١٦/٧/١٩٢٥-٢٨/١٠/١٩٢٨) و خولی سێیەم (١/١١/١٩٣٠-١/١١/١٩٣٢)ی پەرلەمانی عێراقدا وەک نوێنەری شاری سلێمانی هەڵبژێردراوە و بووە بە ئەندام". (عادیلەخانم، کەسایەتی و...، ٧٩).

هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەحمەدموختار لەکاتی داگیرکردنی شاری سلێمانی و هەڵەبجە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بووە بە قائیمقامی شاری هەڵەبجە. مامۆستا سەجادی دەنووسێت لە ساڵی ١٩٢٢ کراوە بە قائیمقام و (عادل سدیق)یش لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەنووسێت تەمەنی لە ٢١ ساڵ تێنەپەڕیوە، ئەگەر تەمەنی ٢١ ساڵ بووبێت، کەواتە (١٨٩٨+٢١= ١٩١٩)، بەپێی لێکۆڵینەوەکەی عادل سدیق دەبێ ساڵی ١٩١٩ کرابێتە قائیمقام، بە پێی نووسینەکەی مامۆستا سەجادیش لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا کراوە بە قائیمقام و لە ساڵی (١٩٢٤)یش بووە بە نائیب لە پەرلەمانی حکوومەتی عێراقدا.

وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا ئەحمەدموختار جاف لەو کاتەوەی کە بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەردەمی پاشایەتی، تەنیا لە دوو خولی ئەو ئەنجوومەنەدا ئەندام بووە، یەکەمیان لە ڕێکەوتی (١٦ی تەمموزی ١٩٢٥) تا (٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٨) بووە. لەگەڵ هەریەک لە: ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠-١٩٤٨)، موحەممەدساڵح موحەممەد عەلی، میرزا فەرەج سەبری،(٧) هەروەها لە خولی سێیەم کە هاوکاتە لەگەڵ (١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠) تا (١ی تشرینی دووەمی ١٩٣٢)(٨)، بەڵام وەک بەشداربوون و نواندنی هەڵوێست لەنێو ئەنجوومەندا، ئەحمەدموختار جاف وەک ئەوەی لە پڕۆتۆکۆڵەکانی ئەنجوومەنی سەردەمی پاشایەتیدا هاتووە، لە یەکەمیاندا لەگەڵ دامەزراندنی حکوومەتی عێراق هاوڕابووە و جێی سەرنجە و ئەنجوومەنیش بە سەرۆکایەتی عەبولموحسین ئەلسەعدوون (١٨٨١-١٩٢٩) بووە، یەکێکی تر لە هەڵوێستەکانی ئەوە بووە کە لەگەڵ نوێنەرانی سلێمانیدا پشتگیرییان لە واژۆکردنی پەیماننامەی نێوان عێراق و بەریتانیای ساڵی (١٩٣٠) کردووە و نوێنەرانی کوردی لیوای سلێمانیش پێکهاتبوون لە: ئەحمەد ساڵح، ئەحمەدموختار جاف، موحەممەد ساڵح موحەممەد عەلی لەگەڵ سەیفوڵڵا خەندان، بە جۆرێک لەو دانیشتنەدا کە پەیماننامەی ناوبراو پشتگیریی پەرلەمانی بۆ وەرگیراوە، لە کۆی (٨٨) ئەندام تەنیا (٨٢) ئەندام ئامادە بووە و لە کۆی ئەوانەیش (٦٩) کەسیان لەگەڵ پەیماننامەکەدا بوون و (١٣) کەسیانیش لە دژی بوون، بەڵام چوار ئەندامە کوردەکەی لیوای سلێمانی لەگەڵ دەنگدەرانی پەیماننامەکەدا بوون. ئەوەی شایەنی باسە کۆبوونەوەی ناوبراو بە سەرۆکایەتی جەعفەر عەسکەری (١٨٨٥-١٩٣٦) بەڕێوە چووە، تەنانەت پێنج ئەندامی کۆبوونەوەی ناوبراو هەر لە سەرەتاوە ئامادە نەبوون.(٩)

پێدەچێت لە کۆتایی ساڵی (١٩٢٤)دا قسەوباس لەسەر ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کرابێت و لە ساڵی (١٩٢٥)دا دامەزرابێت، هەر لەم ساڵەیشدا ئەندامەکانی دانرابێت، بۆیە هەریەک لە نووسەرانی ئەودەمە دەڵێن ساڵی (١٩٢٤) ئەحمەدموختار بە

ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە دانراوە. لەم نووسینەیشەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەحمەدموختار جاف لە دوو دەورەدا بەشدار بووە و ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەری لەو بابەتەدا نەبووە.

**لەبارەی یاخیبوون و شەهیدبوونی شاعیرەوە:**

سەبارەت بە یاخیبوونی شاعیر و شەهیدبوونی و ئەو هەڵوێستە سیاسی و هەواڵانەی دوای خۆی، قسە و باس و ڕای جیاواز هەن و هەریەک بە جۆرێک باسی لێوە دەکات. هەندێک خۆی لە باسی شەهیدبوونی شاعیر دەبوێرێ و بە لایدا ناچێت، هەندێکی تریش لایان وایە دەستبردن بۆ ئەو بابەتە، وەک دەستبردنە بۆ ئاگر، کەسانی تریش هەن دەڵێن ئیتر ئەو سەردەمە ڕۆیشتووە و پێویستە ئەو کەسانەی دەستیان لە کوشتنی شاعیردا هەبووە، ناویان بهێنرێت، یان پێویستە پەردە لەسەر ئەو بابەتە هەڵبدرێتەوە و بابەتەکە ڕوون بکرێتەوە.

گێڕانەوەکان جیاوازن و هەموویشی لە دەوری دوو سێ بابەتدا کۆ دەبێتەوە، هەندێک ڕایان وایە لەسەر قەرز کوژراوە و هەندێکیش پێیانوایە لەسەر بابەتی سیاسی و دژایەتی کردنی دەوڵەتی عێراقی و ئینگلیز بووە، هەر بۆیە شوان گەرمیانی لە بابەتەکەیدا دەنووسێت: "ڕەفیق حیلمی و پیرەمێرد و عەلی کەمال باپیر ئاغا زۆرتر دەکەونە ژێر ڕکێفی ئەو دەنگوباسەوە، جا بۆیە لە باسی مەرگی شاعیردا بۆ ئەو لایەنە دەکوتن. بۆ بێ بایەخی ئەم دەنگوباسە بێ بناخەیە، هەموو فایلەکانی ساڵانی (٣٠)ی دادگا و پۆلیسخانەی هەڵەبجە یەک یەک گەڕام و بژنیم، نە فایلێک و تەنانەت نە دێڕێکیش نەمدی ئەو دەنگوباسە ساختەیە بسەلمێنێت...". (شوان گەرمیانی، ١٩٩٢، ١١)

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر سێ بابەت و لەو ڕێگەیەوە دەمانەوێ هۆکاری کوشتنی شاعیر بە پێی سەرچاوەکانی بەردەستمان ڕوون بکەینەوە.

**١- هۆکاری عاشقی:**

وەک وتمان ڕای جیاواز لەسەر شەهیدبوونی شاعیر هەیە، یەکێک لەو ڕایانە ئەوەیە گوایە عاشقی کچێکی تر بووە و پێوەندی لەگەڵدا هەبووە. شوان گەرمیانی لە بابەتەکەیدا باسی لەو ڕایە کردووە و بەجۆرێک لە تەنز وتەیەکی عیزەددین موستەفا ڕەسووڵ دەگێڕێتەوە و دەنووسێت: "هەندێکیش بێ ئەوەی خۆیان بخەنە ناو ئەم گێرە و کێشەوە بەدەم خوێندنەوەی شیعرەکانییەوە دەیانگوت: کوشتنی شاعیر لەسەر عشق و عاشقی بوو مەگەر ناڵێت:

**((ئەحمەد))ی بێچارە بۆ دەرد و موسیبەت مایەوە**
**دولبەری بێ ڕەحمی ئەو، سەیر و سەفای بەغدا ئەکا**

یان باسی دووری و بێوەفایی یارەکەی دەکا و دڵتەنگی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:

**وا دیارە لەم وڵاتی کۆهسارە عاجزە**
**مەیلی خاکی گەرمەسێر و هەم قەڵای شێروان ئەکا**

ئەو یارەی وا دکتۆر عیزەددین بەپێنج خاڵ و دوو کەوانە ناوی دەنووسێت کێ بوو؟ ئایا شاعیر یارێکی تری هەبووە جگە لە هاوسەری ژیانی؟ یان تەنیا یاری خەیاڵ و ناو دێڕی شیعری بووە... مەگەر حەللاج تا ئەو کاتەی بە خوێنی ڕژاوی واژەی ((انا الحق))ی نووسی هەر یار یاری نەبوو؟

دکتۆر عیزەددین لەم بارەیەوە دەنووسێت: بەڵێ بە ئاسانی ئەڵێین ((جۆلێت))ی "ڕۆمیۆ"))، ((لەیل))ی ((مەجنوون))، ((شیرین))ی ((فەرهاد)) و ((فاتمە))ی ((بابا تایەر)) و سەلمای میرزادەی مەلای جزیری و حەبیبەی مالیاوای نالی، بەڵام ناوێرین ناوی قژ کاڵە، لێو ئاڵەکەی گۆران و ڕاستیی ((ست فاتمە))ی هەردی و (.....)ی ئەحمەدموختار بێنین.

بۆ ئەوەی لەم سەرلێشێوان و سەرگەردانییە ڕزگارمان بێت و ڕاستی ڕازمان بۆ دەرکەوێت، ئایا پێویست بەوە دەکا بچینە سەر ئاوی سیروان و هەروەک پیرەمێرد لە دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە دەپرسێت، ڕاستی ڕازی لێ بپرسین؟ یان دەبێ شاخەکانی نەوەر و باڵانبۆ و گۆزێڵ و دۆڵی سازان بێنە گۆ تا پەردەی ئەم ڕازە هەڵماڵن؟ یان دەبێ لە بەرانبەر ئەم ڕازە شاراوەیەدا سەر داخەین و چۆک دادەین؟ تۆ بڵێیت تا ئەم ڕادەیە بێ توانایی و سست و لاواز بین و نەتوانین گرێی ئەم کەلافەیە بکەینەوە؟... نەخێر... دەبێ چوارچاکی لێ هەڵکەین و بیسمیللا... بەدوای ڕازدا بڕۆین. بێ وچان هۆبە بە هۆبە و ماڵ بە ماڵ بگەڕێین، تونکە تونکەی خێڵەکانی جاف بدەین بە دەم یەکەوە. سەرێکمان قەڵای شێروانە بێت و ئەو سەرمان

شوێن ماڵە گەورە. تا ڕاستی ڕازمان نەیەتە دەست، نابێ وچان بگرین و بحەسێینەوە، جا با بزانین لەو هاتوچۆیەدا چی دەبینین و چی دەبیستین و چمان دەستگیر دەبێ!!". (مامۆستای کورد، ١٤، ١١)

ئێمە لە پێشەوەدا باسمان لەوە کرد کە ئەحمەدموختار جاف بە چەند مانگێک پێش مردنی تاهیر بەگی برای ژنی هێناوە، هەروەها تا شەهیدبوونی، دوو ژنی دیکەی هێناوە و بەگشتی خاوەنی سێ ژن بووە، هیچ پێویستی بەوە نەبووە، ئەو قسانە هەمووی تۆمەت و تاوانە خراوەتە پاڵی و سەرچاوەیەکی ڕاست نییە و دوورە لە ڕاستییەوە.

**٢- ئایا ئەحمەدموختار لەبەر قەرز کوژراوە؟**

هەندێکی تر لە نووسەران و هاوزەمانانی شاعیر و شاعیران، پێیان وایە شاعیر لەبەر قەرز و قۆڵەیەکی زۆر کە کەوتۆتە سەرشانی و نەیتوانیوە بیداتەوە، هەڵهاتووە، دواتر خاوەن قەرز کوشتوویەتی. حیلمی شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێت:

"* ئەحمەد بەگی پاشا زەمانی خۆی، لەسەرچی قاچاخ بوو؟

- لەسەر قەرزاری ڕای کرد...

* هۆکاری کوشتنەکەی هەر قەرزاری بوو؟

- کوشتنەکەی بە سەهوو بوو، هەر جاش و شت فیشەکیان پێوە نا...

* حامید بەگ لایەنگری شێخ مەحموود بوو، وانییە؟

- حامید بەگ لایەنگری شێخ مەحموود بوو، ئەحمەد بەگیش پیاوی ئینگلیز بوو (لە لاپەڕە (١٥-١٦)ی دیوانە چاپکراوەکەیدا نووسراوە: تەنانەت ساڵی ١٩٣٤ لەگەڵ ئەحمەدموختار بەگی جافدا دابوویانە چیاکان و بەرهەڵستی حوکمڕانی ئینگلیزەکانیان دەکرد، بەڵام هۆیەکەی ئەوەیە کە لەبەر قەرزاری، ئەحمەدموختار جاف لە حکوومەت عاسێ بووە. حیلمی شاعیریش لەناو دەقی چاوپێکەوتنەکەدا هەر وای وتووە. چوونی حیلمی-یش بۆ لای ئەحمەدموختار جاف هەر بەهۆی ئەو نامەیەوە بوو کە بۆی ناردووە و نووسیویەتی بێ تاقەتم و هاوزمانم نییە، ئەمیش بە پیر داوای هاوڕێیەتییەوە چووە. ئەو وێنەیش کە لە چاوپێکەوتنەکەدا بلاوکراوەتەوە هی ئەو کاتەیە کە چووەتە دیوی ئێران و زۆربەی کات بە ڕاووشکارەوە خەریک بوون)..." (گۆڤاری ڕامان، ١٤٠، ٥٩).

ڕووناک خانی کچی شاعیریش دەڵێت: "وەک وتم من لەو کاتەدا منداڵ بووم، کەسوکار و براکانیشم لەبەر هەر هۆیەک بێت نەیانتوانیوە سۆراغی تەواوی ئەو مەسەلەیە بکەن، بۆیە ئەم مەسەلەیە بۆ خەڵک تارادەیەکی زۆر بە نارۆشنی ماوەتەوە و هەر کەسێک هاتووە هۆکارێکی بۆ ئەو کوشتنە داناوە، کار گەیشتۆتە ئەوەی کە هەندێ کەس بڵێن قەرزار بووە و خاوەن قەرزەکانی کوشتوویانە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە و تەواو بێ بنەمایە، چونکە ئێمە ئێستایش پاش ئەو هەموو ساڵە ئەوەندەمان مولک و زەوی هەیە کە تەسەوری ناکەیت...". (گۆڤاری ڕۆڤار، ٥٦، ٦٣) شوان گەرمیانیش لە بابەتەکەیدا دەنووسێت: "پاش ئەوەی شاعیر شەهید کرا، ئەوانەی کە دەستیان لە خوێنیدا سووربوو، لە ناوچەکەدا وایان بلاو کردەوە کە شاعیر قەرزێکی زۆری هاتبووە سەر و توانایی دانەوەی نەبووە و خاوەن قەرزەکان لە دادگای هەڵەبجە شکاتیان لێ کردبوو. شاعیریش بۆ ئەوەی ئابڕووی خۆی بپارێزێت و گرفتاری بەندیخانە نەبێت، ناچار دەبێ هەڵبێت و لە



میری یاخی بێ. پۆلیس و سیخووڕەکانی میریش لەو هەڵاتنەدا و لە فرسەت و هەلێکدا، لەسەر ئاوی سیروان دەیکوژن...

... جا بۆیە لە باسی مەرگی شاعیردا ئەو لایەنە دەکوتن. بۆ بێ بایەخی ئەم دەنگوباسە بێ بناخەیە، هەموو فایلەکانی ساڵانی (٣٠)ی دادگا و پۆلیسخانەی هەڵەبجە یەک یەک گەڕام و بژنیم. نە فایلێک و تەنانەت نە دێڕێکیش، نەمدی ئەو دەنگوباسە ساختەیە بسەلمێنێت.

ئەوەی شایانی باسە شاعیر، خاوەن سامانێکی زۆر بوو. خۆ تا کاولکردنی شاری هەڵەبجەی داخان بە دەستی ڕژێمی عێراق زۆربەی زۆری دوکان و بازاڕ و باخ و کاریزەکانی هەڵەبجە و زەوی و زارێکی زۆری دەشتی شارەزوور، هەر بە ناوی شاعیرەوە موڵک بوو. ئەگەر لە بەرانبەر دادگا نەیتوانیبایە ئەو قەرزانەی کە دەڵێن، بیداتەوە، دادگا جگە لەوەی دەست بخاتە سەر بەشێک لە ماڵ و سامانی، بڕیارێکی تری لەبەردەمدا نەبوو. ئەوانەی دۆستی شاعیر بوون دەڵێن: شاعیر مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو. بە هەر شێوەیەک بۆی بلوایە و هەر هەلێکی بۆ هەڵکەوتایە، دژایەتی لەگەڵ ڕژێمی داگیرکەردا دەکرد...". (مامۆستای کورد، ١٤، ١١)

ئەحمەدموختار خۆیشی لە بەیتێکدا ڕووی دەمی لە کەمالی هاوڕێ و شاعیری هاوتەمەنی دەکات و دەڵێت:

**بنوارە چ غەرڕایە (کەمالی) هەموو شیعرم**
**عەیبی منی بێچارە بەخوا پارە نەبوونە**

حیلمی ڕای وایە کوشتنەکەی بە هەڵە بووە و لەسەر قەرزیش بووە، زۆریش بە یەقینەوە دەڵێت کە کوشتنی ئەحمەدموختار لەسەر قەرزاری بوو، ئەگەر هەڵە بووە، هۆکاری هەڵەبوونەکەی چی بووە؟ چی وای کرد بە هەڵە بکوژرێت و بۆ جاش بە هەڵە بڕوات ئەو بکوژن. ئەگەر گفتوگۆکەی حیلمی بە وردی بخوێنرێتەوە، دەبینین لە هەندێ جێگەدا و بە تایبەتی لە باسی کوشتنی ئەحمەدموختاردا قسەکانی پێچەوانەی یەکن و جێگەی بڕوا نین و ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت.

ڕووناک خانی کچی شاعیریش دەڵێت ئەوەندە قسە و باسیان هەڵواسیوە تا کار گەیشتووەتە ئەوەی بڵێن لەسەر قەرز کوژراوە، کە ئەمە هیچ بنەمایەکی نییە، شوان گەرمیانی دەنووسێت ئەوانەی وا کوشتیان، قسە و باسیان بڵاوکردەوە بۆ پەردەپۆشکردنی کارەکەی خۆیان، هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: هەموو فایلەکانی ساڵانی (٣٠)ی دادگا و پۆلیسخانەی هەڵەبجە یەک یەک گەڕام و بژنیم. نە فایلێک و تەنانەت نە دێڕێکیش نەمدی ئەو دەنگوباسە ساختەیە بسەلمێنێت. بۆیە منیش بڕوای تەواوم بەوە هەیە ئەحمەدموختار هیچ کاتێک لەسەر قەرز نەکوژراوە، هەر بۆ پاڵپشتی قسەکانی شوان گەرمیانی، ڕووناک خان و منداڵەکانی تری شاعیر و کەسانی تریش کە نزیک بوون لە شاعیرەوە، باسی سەخاوەتی و دەستبڵاوی شاعیر دەکەن، ڕاستە شاعیر خۆی لە بەیتێکدا بە کەمالی دەڵێت عەیبی من لە ئێستادا پارە نەبوونە، نەوەکانی شاعیر خۆیشی دەڵێن هەندێ جار پارەی لێ بڕاوە، بەڵام خاوەنی موڵک و سامانێکی زۆر بووە و بۆ پارە دانەماوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە بەڵگەنامەیەکمان لە بەردەستەدایە و باس لە خاوەندارێتی موڵکی ئەحمەدموختار دەکات، لەم بەڵگەنامەیەدا ئەگەر لێی بکوڵرێتەوە زۆر لایەنی گرنگ لە ژیانی شاعیرمان بۆ دەردەخات. بەڵگەنامەکە بریتییە لە فرۆشتنی خانوویەک کە موڵکی خودی ئەحمەدموختار بووە، شاعیر نووسراوەکەی بە خەتێکی جوان و ورد و دەقیق و دیقەتدار نووسیوە، ئەمەیش تەواوی بەڵگەنامەکەیە: "من کە ئەحمەدموختاربەگ کوڕی عوسمان پاشا و ساکین حەڵەبجەم، ئیقرار و ئیعتراف ئەکەم بەم نوعە لە قەسەبەی حەڵەبجە لە محەلەی پاشادا..... خانوویەک کە موڵکی سەرفی خۆمە و تەرەفی ڕاستی ڕێگای ماڵی حاجی فەتاحە، کە ئێستا عائید بە ئەمنەخانە و تەرەفی چەپی و پێشەکی کەزا خانووی حاجی فەتاحە، کە ئێستا عائید بە حەسەنی کوڕی حاجی فەتاح و خۆم و شەمسەی کچم و ئەفراسیابی کوڕمە و پێشەکی بە جادەی عام مەحدوودە، بە سوورەتی بەیعی باتی قەتعی، بە مەبلەغی چل دینار فرۆشتم بە سەعیدئەفەندیی چەلەبی، کە ئێستا ساکین قەسەبەی حەڵەبجەیە و مەبلەغی مەزکوورم بە تەواوی لە سەعیدئەفەندیی وەرگرت، هیچ حەق و موداخەلەم بە سەریەوە نەماوە، ئیجرای کەن لە دائیرەی تاپۆ و سائیری دەوائیری ڕەسمییەدا بۆ تەقریردان و بە مۆر و ئیمزای

خۆیان، ئیستدعادات و عیندەلئیجاب، شەخسێکی سولسی بە وەکیلی تەعین کردن ساکینان حەڵەبجە: حاجی موحەممەد عەلی و موحەممەد تۆفیقی کوڕی حاجی موحەممەد عەلی ناو، مونفریدەن وە یا موجتەمیعەن بە وەکیل دەوری لایونعەزیل و نایب مەناب، خۆم نەسب و یەقینم کردن. شایەد خانووی مەزکوور ئەگەر لەسەر شەخسێکی ئاخر تاپۆ کرابوو، من موتەعەهدم ئەم چل دینارە مەعە فائیزی بدەمەوە بە سەعیدئەفەندی و هیچ نەوعە عوزر و بەهانە نەهێنمەوە، وە یاخود موقابیل بەم خانووە موڵکێکی تر کە لەناو بازاڕدایە بیدەمێ، بینائەنعەلەیی ئەم سەنەدی وەکالەتەم ئەعتا کرد.

عەن ئیقرار: ئەحمەدموختاربەگ کوڕی عوسمان پاشا (پوول).

عەدەد/ ٢٦

ئەم سەنەدە کە خارجەن بە تەئریخ ١٢ نیسانی ١٩٣٤ تەنزیم و بۆ تەسدیق هێنراوە، ئیمزاکەی ئیمزای ئەحمەدموختار بەگی کوڕی عوسمان پاشا، ساکین حەڵەبجەیە، شەخسیی و هەویەتی لە لای خۆم مەعلووم و بە موندەرەجاتی ئەم سەنەدە لە حوزوورمدا ئیقرار و ئیعتراف کرد، لەبەر ئەوە بە تەئریخی ١٤ی نیسانی ١٩٣٤ تەسدیق و تەسجیل کرا.

فلس/ ١٥٠- تسلسل: ٢٥٧٦٨/٣

سەد و پەنجا فلسی ڕەسمی تەسدیق وەرگیرا و قید کرا و مەقبووز درا.

١٤/٤/١٩٣٤ کاتب اول/ ئیمزا

کاتب عەدلی حەڵەبجە/ ئیمزا و مۆر".

لەم بەڵگەنامەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر هیچ کاتێک لەسەر قەرز نەکوژراوە، ئەم بەڵگەنامەیە بە نۆ مانگ و چەند ڕۆژێک پێش شەهیدبوونی شاعیر فرۆشراوە، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە شاعیر بە دەنگی خەڵکەوە بووە و لەبەر هەر هۆیەک بووە ئەو خانووەی فرۆشتووە و نەیهێشتووە کە تەنگ دەست بێت. هەر لە نەوەکانی شاعیریشەوە بیستراوە کە تا ساڵانی شەست و حەفتاکانیش حامید بەگ خەڵکی ناردووەتە لایان و داوای پارەی کردووە، وتوویانە ئەمە هی چییە؟ وتوویەتی کاتێک ئەحمەد بەگ لە دەرەوە بووە، من هاوکاریم کردووە، تا ئێستایش موڵک و ماڵاتی ئەحمەدموختار لە شاری هەڵەبجەدا بوونی هەیە و لێی دەفرۆشرێت و حکوومەتیش لێیانی بردووە. ئەمە مانای ئەوەیە شاعیر بەهۆی قەرزەوە یاخی نەبووە، هیچ هۆکارێکی قەرزبوونیش وای لێ نەکردووە هەڵبێت، شاعیر ئەوەندە موڵک و ماڵاتی هەبووە توانیویەتی بیفرۆشێت و قەرزەکانی پێ بداتەوە ئەگەر قەرزار بووبێت.

**٣- هۆکاری سیاسی:**

وەک دەبینین هەریەک لەو نووسەر و شاعیرانەی کە لە سەردەمی شاعیردا ژیاون و شاعیریان دیوە، لە نووسین و نووسراوەکانیاندا بەم شێوەیە لەسەر کوشتنی شاعیر نووسیویانە. نەجمەددین مەلا دەنووسێت: "پاش ئەوە فیراری کردووە، چووەتە خاکی ئێرانەوە، لە کاتێکدا کە لە ئاوی سیروان بە کەڵەک پەڕیوەتەوە لە لایەن چەند ناحەزێکی خۆی بە تفەنگ کوژراوە، لە ئەوەڵی مانگی زی ئەلقەعدەی ساڵی ١٣٥٣ی هیجری، ٦ی شوباتی ساڵی ١٩٣٥ی میلادی جەنازەکەیان هێناوەتەوە بۆ هەڵەبجە، لە دێی عەبابەیلێ نێژراوە...". (مینای شکەستە، ١٩٤١، ب ٣، ٥٠٨)

دیسانەوە لە دەستنووسێکی تردا دەنووسێت: "پاش ئەوە لە حکوومەتی عێراق یاخی بووە، چووەتە خاکی ئێرانەوە، لە شاخێک کە ناوی (نەوەرد)ە و نزیک ئاوی سیروانە تووشی قازایەک هاتووە، لە ٦ی شوباتی ساڵی (١٩٣٥م)دا کوژراوە...". (سۆزی نیشتمان، ١٩٤٢، ٣٧٧). کەمالیش دەنووسێت: "لە ساڵی ١٣٥٤ هیجریدا لەبەر خەباتی لە حوکمی عەهدی بائددا لە لایەن ناپاکانی ئەو عەهدە شەهید کرا لە گۆڕستانی (ابا عبیدە) کە لە خۆرهەڵاتی هەڵەبجەدایە نێژراوە.". (دیوانی ئەحمەدموختار جاف، ١٩٦٠، ٣). مامۆستا عەلائەددین سەجادیش دەنووسێت: "لە ساڵی (١٩٣٥) لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا بە گوللەی تفەنگی دەستێکی پیس لەسەر ئاوی ((سیروان)) کوژرا و جوانەمەرگ بوو. تەرمەکەی برایەوە بۆ هەڵەبجە و لە ئاوایی ((عەبابەیلە)) لەو گۆڕستانە کە تاهیربەگی برای تیایا نێژرابوو، ئەمیشیان ناشت.". (مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٣٩٥، ٥٢٥). ڕەفیق حیلمیش لەوبارەیەوە

دەنووسێت: "لە زەبروزەنگ و سیاسەتا ناوێکی هەبوو. ئەحمەدموختار بەگ، خۆیشی بەینێک بوو بە قائیمقامی هەڵەبجە و لە دوای ئەویش لە مەجلسی تەئسیسی عێراق و لە مەجلسی نیابیدا بوو بە ئەندام و لە دوای ژیانێکی ناکامانە لە ساڵی ١٩٣٤ی میلادی و لەسەر ئاوی سیروان لە لایەن دەستێکی نەفامی کوردەوە، کوژراوە و لە دێی (ئەباعبیدە) کە نزیکی هەڵەبجەیە، نێژراوە. خوا لێی خۆش بێ...". (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ٢٠١٠، ٢٠)

مامۆستا ئازاد عەبدولواحید لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ حیلمی شاعیردا وەک هاوڕێیەکی ئەحمەدموختار لێی دەپرسێت و دەڵێت:

"* ئەی تۆ چۆن بوو چوویت بۆ لای؟

– هاوڕێم بوو، کاغەزی بۆ نووسیم، نووسیبووی حیلمی بێتاقەتم و هاوزمانم نییە، ئیتر منیش لە کەرێتی خۆم چووم بۆ لای.

* زیاتر پێوەندییەکەت لەگەڵ ئەحمەدموختار جاف هی چی بوو؟

– هەر ئەوەیە هاوڕێم بوو.

* وەک بیستوومانە ئاگاداری کوشتنەکەی بوویت، کاتێ تەقەیان لێکرد تۆ لەوێ بووی؟

– بە یەکەوە بووین، من لەم بەرەوە ئەو لەوبەرەوە، تەقەیان لێکرد و هەموو ڕیخۆڵەی هاتە دەرەوە، کەلوپەلی توبیشم پێ بوو، بەڵام وتم ئێستا دەستکاری بکەم، دەڵێن ئەو کوشتی، خەڵک عەوامە...". (گۆڤاری ڕامان، ١٤٠، ٥٩-٧٨)

هەر لەم ڕووەوە ڕووناک خانی کچی شاعیریش لەبارەی مردنی باوکییەوە دەڵێت: "وەک وتم من لەو کاتەدا منداڵ بووم، کەسوکار و براکانیشم لەبەر هەر هۆیەک بێت نەیانتوانیوە سۆراغی تەواوی ئەو مەسەلەیە بکەن، بۆیە ئەم مەسەلەیە بۆ خەڵک تاڕادەیەکی زۆر بە ناڕۆشنی ماوەتەوە و هەر کەسێک هاتووە هۆکارێکی بۆ ئەو کوشتنە داناوە، کار گەیشتۆتە ئەوەی کە هەندێ کەس بڵێن قەرزار بووە و خاوەن قەرزەکانی کوشتوویانە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە و تەواو بێ بنەمایە، چونکە ئێمە ئێستایش پاش ئەو هەموو ساڵە ئەوەندەمان موڵک و زەوی هەیە کە تەسەوری ناکەیت...

خۆت دەزانی باوکم کوڕی نازداری عادیلەخانم و وەسمان پاشای جاف بووە و جافیش عەشیرەتێکی گەورەیە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکی ناوچەکەدا هەبووە، لە نەریتی عەشایەریشدا باو نەبووە کە کەسی بێگانە بێت و پلەوپایەی فەرمانڕەوایەتی میری بەدەستەوە بگرێت، بۆیە هەموو پلە و کارە ئیدارییە حکوومییەکان بە دەست کەسانی ناوداری بنەماڵە و عەشرەتەوە بووە، ئەوەی کە باوکیشم قایمقامی هەڵەبجە بووە، پەیڕەوی کردنێک بووە لەم نەریتە، بەڵام ئەو ماوەیەی کە پەرلەمانی مەملەکەتی عێراقی ئەو سەردەمە بڕیاری ئەوەی داوە کە ئەم نەریتە بگۆڕێت بە شێوازێکی کارگێڕی کە تەواو دژی ئەم نەریتە عەشایەرییە بووە، باوکم ئەندامی پەرلەمانی عێراق بووە و ئەم مەسەلەیەی لەگەڵ کەسوکار و بنەماڵە و عەشرەتدا باس کردووە، ئەوانیش پێیان وتووە بڕۆرەوە لە پەرلەمان دژی ئەم بڕیارە قسە بکە و ڕازی مەبە، حکوومەتی ئەوسای عێراقیش ئەم کارەی ئەویان بە جۆرێک لە گێرەشێوێنی و یاسا شکاندێک زانیوە، بۆیە هەوڵی دەستگیرکردنیان داوە، ئەویش هاتۆتەوە بۆ هەڵەبجە ڕەوشەکەی بۆ کەسوکاری باس کردووە، ئەوانیش پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردووە کە لەگەڵ چل پیاودا بچێتە ئێران، بۆ ئەمەیش دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی ئێران کە سەردەمی ڕەزاشا بووە ڕازی بوون بە خاوخێزانەوە بێنە ئێران، ئەمیش لەگەڵ پیاوەکانیدا چۆتە ئێران، ئەوە بوو دواجار لە دوایین سەردانیدا بۆ لای ماڵ و منداڵەکەی گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە، شەوێک ماوەتەوە و ڕۆژی دوایی ویستوویەتی بە کەڵەک بە زێی سیرواندا بپەڕێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەڵام هەر لەسەر کەڵەکەکە بووە دەنگی تەنیا گوللەیەک هاتووە و بەر سکی باوکم کەوتووە و دواتر بۆتە هۆی مردنی" (گۆڤاری ڕۆڤار، ٥٦، ٦٣).

لەبارەی شەهیدبوونی شاعیرەوە، لە گۆڤاری (مامۆستای کورد)دا، سێ بابەت بەرچاو دەکەوێت، کەسێک بەناوی شوان گەرمیانی بابەتێکی لەسەر شەهیدبوونی ئەحمەدموختار نووسیوە و کەسێکی تر بەناوی نەجمەددین عەزیز بیانی وەڵامی شوان گەرمیانی داوەتەوە، دواتر حەسەن کەلاری (د. حەسەن جاف) وەڵامی نەجمەددین عەزیز بیانی داوەتەوە. شوان

گەرمیانی لە بابەتەکەیدا دەنووسێت: "تۆ بڵێی ئەو هێزە ئەهریمەنییە وا لەو سەردەمەدا شاعیری کوشت و چۆنێتی مەرگی داپۆشی و شاردییەوە، تا ئێستاکەیش ترسێکی وای بردۆتە دڵی خامە بەدەستانەوە، تەنانەت بە تەقەی تفەنگیش بێ، نەک بە خامە، نەوێرن بەلای ئەو باسەدا بڕۆن و ڕوونی کەنەوە!!

وا باشە هەڵبگەڕێینەوە سەر سەردەمی شەهیدبوونی شاعیر تا بزانین چیمان دەستگیر دەبێت.

پاش ئەوەی شاعیر شەهید کرا، ئەوانەی کە دەستیان لە خوێنیدا سووربوو، لە ناوچەکەدا وایان بڵاو کردەوە کە شاعیر قەرزێکی زۆری هاتبووە سەر و توانایی دانەوەی نەبوو، خاوەن قەرزەکان لە دادگای هەڵەبجە شکاتیان لێ کردبوو. شاعیریش بۆ ئەوەی ئابرووی خۆی بپارێزێت و گرفتاری بەندیخانە نەبێت، ناچار دەبێ هەڵبێت و لە میری یاخی بێ. پۆلیس و سیخوڕەکانی میریش لەو هەڵاتنەدا و لە فرسەت و هەلێکدا، لەسەر ئاوی سیروان دەیکوژن...

لە شۆڕش و دامودەزگا تەمەن کورتەکەی شێخ مەحموددا ڕۆڵێکی باڵای هەبووە. شیعر و نووسین و خامەکەی هاوهەنگاو کردبوو لەگەڵ دەسەڵاتی خۆی و بنەماڵەکەیدا لە دژی ڕژێم. بیروباوەڕ و هاندان و جووڵانەوەی شاعیر، مەترسییەکی فراوانی خستبووە ناو دڵی ڕژێمی تازە پێگەیشتووی عێراقەوە. ترسی شۆڕشێکی تریان لێ نیشتبوو، جا بۆیە پیلانێکیان پێکهێنا و کوشتیان. ئەوانەی ئەو پیلانەی ڕژێمیان جێبەجێ کرد، پاداشتی خۆیان بە کورسی و مەقام و پایەبوڵندیی ناو دامودەزگای ڕژێم وەرگرت...

جەمیلە قلەی خانە بەگ دەڵێت: ((ماڵمان لە ((لانەوان)) بوو کە دێیەکە دەکەوێتە پاڵ شاخی گۆزێڵ و بەسەر ئاوی سیروانەوەیە. ئەو سەردەمە تەمەنم لە دەوروبەری چواردە و پازدەدا بوو. دەنگوباسی یاخیبوونی ((میر)) دنیای گرتبوو، ئێران و عێراقی شڵەژاندبوو. دانیشتووانی ئەو سنوورە کە بریتی بوون لە خێڵەکانی ئێناخی و ئیمامی و یەزدان بەخشی و تاوەگۆزی و زەردوویی و کڵاشی و کۆکۆیی و چەند وردە خێڵێکی تر، بە هەموو توانایییانەوە یارمەتی میریان لە دژی ڕژێم ئەدا. یەک ڕۆژ پێش شەهیدبوونی میر، من بەلای مەڕ و ماڵاتەوە بووم. ئاژەڵەکەم گەیاندبووە پاڵ ملەی سازان، لە پاڵ دار بەڕوویەکدا دانیشتبووم سەیرم کرد زەلامێکی کورتە باڵای زرتە نێر بە سواری قاترێک هاتە سەر ملەی سازان. لە قاترەکە دابەزی و بەسەر تەختە بەردێکەوە چینچکەی دا و مۆتەی کرد. پارەبلۆمێکی بە لاقەدەوە بوو و دووربینێکی لە ملدا بوو. کاتێ باش تێم ڕوانی، ناسیم ((ح. م)) بوو. هەر ساتێ نە ساتێ بە دووربینەکەی دەیڕوانییە دۆڵی سازان. دوای سیغار کێشانێک، سەیرم کرد لە دۆڵی سازانەوە زەلامێک سەرکەوت و خۆی گەیاندە ((ح. م))، چارەکە سەعاتێ وەیەکەوە دانیشتن و ئەمجا لە یەک جیابوونەوە. قاتر سوار بەرەو هەڵەبجە کەوتەڕێ و زەلامەکە پیاو و سەرکاری ((ح. م)) بوو بەسەر موڵکەکانی ناوچەی سازانیدا وە هەمان دۆڵا گەڕایەوە. دانیشتوانی ناوچەکە ئەوەیان باش دەزانی کە ((ح. م)) دژایەتی میر دەکات، بەڵام هەرگیز بە عەقڵیدا ختوورەی نەئەکرد لە پێناوی بێگانەدا دەستی بچێتە خوێنی خزم و خوێشی خۆی.

بۆ بەیانی دوای نیوەڕۆدا میر بەسەر کەڵەکەوە لە کاتی پەڕینەوەدا بەسەر ئاوی سیروانەوە کوژرا. دوای کوژرانی میر، تازە دای لە مێشکم ئەمز ئەمە ((ح. م)) بۆ هەواڵی شوێن و هاتوچۆی میر هاتبوو. کاتێ ئەم کەین و بەینەم بۆ باوکم گێڕایەوە، هەتا خوا قووەتی بدا شەپێکی ماڵیە سەرما و ئەمجا وە تیلا تێم بەربوو. برا و کەسوکار لە دەستی ڕزگارمیان کرد، ئەنا ئەیکوشتم. ئەیوت بۆچی ئەم کەین و بەینەم دیوە و نەمگێڕاوەتەوە. لە ترسی باوکم لە لانەوان ڕام کرد و چوومە مەڕخێب بۆ ماوەی شەش مانگ پەنام بردە ماڵی مامەم)).

حەمەسەعی ئێناخی دەڵێت: ((من کەڵەکەوان بووم، میر سواری کەڵەک بوو تا لە ئاوی سیروان بپەڕێتەوە. گەیشتینە ناوەڕاستی ئاو، دوو تەقە کرا... گوللەیەک میری پێکا. میر چەمایەوە، بەڵام من زوو خۆم پیا گەیاند و باوەشم پیا کرد تا نەکەوێتە ناو سیروانەوە، تەرمی نیوەگیانی میرم بەسەر کەڵەکەوە هەڵاژان و سەرم خستە سەر ڕانم و وە کەڵەکەکە گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان. میر خوێنیکی زۆری لێ ڕۆیشتبوو، بەڵام هەر بە زوبان بوو. لە عانی تەقەکاندا من سەرم هەڵبڕی، دوو چەکدارم بینی پاش تەقەکان ون بوون. هەر وەک ئێستاکە

بێت باش وا لە بیرمە، میر ڕووی کردە یەکێک لە چەکدارەکانی وا بزانم باقی بوو وتی: وا دیارە دەرناچم، یەکێکتان خۆی بگەیەنێتە کەلار بۆ لای کەریمی ئامۆزام با خوێنم بە خۆڕایی تیا نەچێت، نامەیەکم نووسیوە و هەموو شتێکم تیادا ڕوون کردۆتەوە. پێی بڵێن خوێنم نەفەوتێنی)).

عێل بەگی خوسرەو دەڵێت: ((کاتێ میر دایە شاخ من تازە سمێڵم زەرد بووبوو. ئەو کاتە ماڵمان لە گمە بوو، باس باس نەبوو جگە لە باسی میر نەبێت. منیش وەک هەموو گەنجێکی خێڵەکی ئارەزووم ئەوە بوو چەکم بە شانەوە بێت. خۆ بەخوا بە خۆمیشدا ئەپەرمووەمەوە. جا فرسەت لەمە باشترم بۆ هەڵنەدەکەوت. کلاشم لێ کردە پێ و کەوتمە ڕێ بەرەو لای میر. کاتێ گەیشتمە خزمەتی و لە مەبەستم تێگەیشت، گفتی پێم دا بمکا بە چەکداری خۆی، بەڵام چەکدارەکانی لای میر دەستیان کردە بۆڵە بۆڵ ئەیانوت ئەمە گەنجە و منداڵە و دنیا نەدیدە. خوا نەیورێت خۆ ئەوسا وەک ئێستاکە نەبوو هەر کەسێ لە ماڵ بتۆرێت چەک بکاتە شان. لە شەش کوڕم دووانیان پێشمەرگەی ئەم دیوە و سێیانیان پێشمەرگەی ئەودیو، تەنیا خولەم وە دەستەوە ماوە ناوێرم فزەی لە تەکا بکەم، هەموو ڕۆژێک ئەدا بە گوێما و ئێژێت باوە ئەگەر قورەم دەرچوو نارۆم. منیش ئەچم ئەوم بە پێشمەرگە. لە بیرمە لەو زەمانەدا تەنیا چەکدارێک لە ڕۆم و عەجەم یاخی بوو بوو ئاغای شرەی ئێناخی بوو، میر فەرمووی جارێ با لامان بمێنێتەوە ئەوجا ئەزانین ((چەند مەردە حەللاجە)). ئەگەر لێهاتوو و پیاو بێ، ئەوە لەو تفەنگانەی کە بلە زەردوویی بریارە لە ئێران بۆمان بکڕێت، تفەنگێکی ئەدەینێ. ئا بەو جۆرە چەکدارەکانی میر ڕەزایەتیان دا لەسەر مانەوەم و هەتا ئەو ڕۆژەی میر کوژرا من لە خزمەتیدا بووم. لە بیرمە شەوان کە لە دەوری میر گلێر ئەبووینەوە یان شیعری بۆ ئەخوێندینەوە، یان ئەو جۆرە قسانەی بۆمان ئەکرد کە ئێستاکە ئەدا لە مێشکم هەرچی کادر و مادری ئەم دەور و زەمانە هەیە هەر قسەکانی ئەو ئێژنەوە. حەیف و سەد حەیف بەخوا بۆ نیریی ڕۆم و عەجەم ئەشیا)).

فەقێ حوسەینی زەردوویی دەڵێت: ((لەو سەردەمەدا ئەگەر شیعرێک بە هەورامی نەبوایە، خەڵکی بە شیعریان نەدەزانی، شیعرەکانی تایەر بەگ و وردە وردە شیعرەکانی ئەحمەد بەگیش، تازە کەوتبووە سەر زوبانی خەڵکییەوە. هەر چەن ئەو شیعرانە بە زوبانی ئاسایی خەڵکی ناوچەکە وترابوون، بەڵام هەر جارێ لە لای خەڵکی ناوچەی ئێمە ناسازگار بوون. یاخیبوونی میر، شۆڕ و شەوق و حاڵێکی تازەی خستبووە دڵی خەڵکەوە، ئاخر لەو زەمانەدا کێ دەیوێرا لە پێستی خۆیدا بجووڵێتەوە. جا بۆیە یاخی میر لە دەوڵەت وا عالەم گیربوو، گۆرانیبێژە دەنگخۆشەکانی ئەو سەردەمە لە هەر شایی و هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکێکدا هەر ئەو بەیتە هەورامیانەیان دەکرد بە گۆرانی کە بەسەر زوبانی خەڵکەوە بوو و بە شان و باڵی میر و چەکدارەکانیدا ئەهات، تەنانەت چەن ساڵێک تا دوای کوشتنی میریش، ئەو گۆرانیبێژانە هەر ئەو بەیتانەیان ئەوتەوە. تا وای لێهات ((ح. م)) کە بووبوو بە قایمقامی هەڵەبجە، فەرمانی بە پۆلیسەکانی دا، هەر گۆرانیبێژێک چ لە هەڵەبجەدا و چ لە لادێیەکان و خێڵەکانی دەوروبەری هەڵەبجەدا بیبیسترێت ئەو بەیتانە دەڵێنەوە، پێوەندیان کەن و بیان تەپێننە زیندانەوە)).

پاش کوشتنی ئەحمەدموختار، بنەماڵە و هۆزەکانی جاف بە تێکڕایی شڵەژان، ئەفراسیابی کوڕی شەهید، لە سەرەتای دیوانەکەیدا ڕاست دەڵێت: دوا کۆتەڵی عەشیرەتی جافم بۆ سەردارێکی جوانەمەرگی ئەو عەشرەتە دێ.

ئەو دوو چەکدارە، ((ف. ن)) و ((س. ح)) لە ترسی تۆڵە لەگەڵ ((ح. م)) لە هەڵەبجە ڕایان کرد و بۆ ماوەیەک لە بەغدا مانەوە. کەریم بەگی جاف بە لەشکرێکەوە، بە ناوی تەعزێوە و ڕاستییەکەی بۆ تۆڵەسەندنی خوێنی شاعیر لە گەرمیانەوە خۆی گەیاندە هەڵەبجە. پاش ماوەیەک، ڕیش سپی و مەلاکان و شێخانی دەوروبەری ناوچەکە کەوتنە نێوانەوە هەر وەک بەگزادەکان سوور بوون لەسەر تۆڵە سەندنەوە، بەڵام لە پێناوی یەکێتی خۆیاندا و نەرشتنی خوێنی تر و هێمنی و ئاسایشی ناو عەشرەتەکەیان، سەریان بۆ ئەو ڕووداوە هێنایە خوارەوە و هیواداربوون لەوە خراپتر نەقەومێت، بەڵام ئایا ((ح. م)) لەوانە بوو ئاسایش و هێمنی و یەکێتیی بنەماڵە و خێڵەکانی جافی لا گرنگ بێ، یان

تەنیا سوود و قازانجی تایبەتی و پایە بولەندی و کورسی و مەقامی خۆی لەبەر چاو بوو...!

یەکێک لە کچەکانی کەریم بەگ دەڵێت: لە ساڵەکانی چلدا ((ح. م)) بە میوانی هاتبوو بۆ لای کەریم بەگ لە کەلار، دەمەونیوەڕوانێک، باوکم هەڵاژیابوو منیش باوەشێنم دەکرد، گوێم لێ بوو ((ح. م)) بە باوکمی دەوت: ئەو کەسانەی وا لە ناو بنەماڵەکەدا دەبنە مایەی دەردی سەری، دەبێت لە ناویان بەین. باوکم بە دەم نوچکە خەوەوە وتی: وەک کێ؟ ((ح. م)) وتی:- ح. ح بەگ کە لایەنگری لە شێخ مەحموود دەکرد. باوکم یەکسەر ڕاست بوویەوە و ئەمجا بە تووڕەبوونەوە ڕووی کردە ((ح. م)) و وتی: گولە ئۆبن بە کۆڵ. ئەحمەدی ئامۆزامت کوشت، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێنی زۆرتر نەکەوێتە ناو بەینمان، تۆمان بەخشییە پێڵاوەکانی شەمسەی کچی. چ بەزمێکی ترت وا بە دەستەوە، من ئەزانم ئەمە فیتی کێیە تۆ هان ئەدا. خۆ هەرکەس نەیەتە جواو، (ع)ی کوڕی وەک سەگ ئەتۆپێنی. بە حەیانەتی حەی ناو لەپتەوە و ئەتکەم بە ئەتک و عیبرەت بۆ زەمانە، بەڵام هەر بە پیلانی ((ح. م)) پاش چەند ساڵێکی تر ((ع بەگی ر)) کە خۆی بە دڵسۆزی ماڵی شاعیری شەهید دەزانی، لە ناو هەڵەبجەدا کوژرا.

دوای شەهیدبوونی ئەحمەد بەگی وەسمان پاشا ((ح. م)) پاش ئەو سولح و مەسلەحەتە، گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە و پاداشتی خۆی لە ڕژێم بە قایمقامیی هەڵەبجە وەرگرت و پاشان بوو بە ئەندامی پەرلەمان و هەتا کۆتایی ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨دا هەر ئەندامی پەرلەمان بوو. ((ح. م)) لە ساڵی ١٩٨٩دا لە شاری سولەیمانی مرد. خەڵکی هەڵەبجە دەگێڕنەوە و دەڵێن: ((ف. ن)) و ((س. ح)) هەردووکیان بە نەخۆشیی گولی مردن." (مامۆستای کورد، ١٤، ١١)

سەرەتا دەمەوێ لەسەر ژمارەی ئەو کەسانە قسە بکەم کە ئەحمەدموختاریان کوشتووە، چەند نەفەر بوون و کێ بوون؟ نەجمەددین مەلا دەنووسێت چەند ناحەزێکی خۆی بوون و کەمالیش دەنووسێت لەبەر ناپاکانی ئەو عەهدە کوژرا. سەجادیش دەنووسێت بە گوللەی دەستێکی پیس و ڕەفیق حیلمیش دەنووسێت لە لایەن دەستێکی نەفامی کوردەوە کوژرا. ڕووناک خانیش دەڵێت تەنیا دەنگی یەک گوللە هاتووە، حەمەسەعی ئێناخیش دەڵێت من کەڵەکەوان بووم، دوای ئەوەی میر سواری کەڵەکەکە بوو و گەیشتە ناوەڕاستی ئاوەکە، دەنگی دوو تەقە هات و یەکیان بەر سکی ئەحمەدموختار کەوت و هەر زوو خۆم پێی گەیاند و نەمهێشت بکەوێتە ناو سیروانەوە. شوان گەرمیانی لە درێژەی گێڕانەوەکانیدا دەڵێت ئەو دوو چەکدارەی تەقەیان لە ئەحمەدموختار کردووە (ف. ن) و (س. ح) بوون، لە ترسی تۆڵە لەگەڵ (ح. م) لە هەڵەبجە ڕایان کرد... دواتریش ئەم دوانە (ف. ن) و (س. ح) بە نەخۆشی گولی مردن.

شەمسەخانی کچی شاعیر لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت: "لە بیرمە کە شەو هاتەوە بۆ هەڵەبجە (٢٠-٢٥) پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو، وتی ئادەی (قوپڵی بە ترش)م بۆ بکەن و گۆشتی کەڵم بۆ سوورکەنەوە، جا ماڵەکەمان (ماڵی پاشا) دوو دیو بوو، (پوورە شاهی)م هاتە ئەو دیوەکەی تر، وتی: باشە ئەحمەدی برام بۆ هاتوویتەوە؟ ئێستە خەبەرت لێبدەن ئەتکوژن، ئەوەبوو نانەکەی نەخوارد، شەو هەستا ڕۆشت و چووبووە ئاشەکەی مەحموود یارەویس، هەر لە هەڵەبجە بوو، تاوەک بەیانی هەستابوو بچێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆیان کە بەو شاخەوە بوو، لە ڕێگا پۆلیسێکی ئەو کاتەی حکومەت تەقەی لێ ئەکا و بریندارى ئەکات، دوو کەسیشی لەگەڵدا ئەبن، بەناوی (خاڵۆ باقی و حەمەی شێخ حسێن)، خاڵۆ باقی ئەڵێن هاوار ئەکا، بۆ خاتری خوا ئەوە تۆ ئەحمەت بەگت کوشت...". (ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ٢٣٢، ٨)

وەک وتمان دەڵێن کەسێک یان دوو کەس بوون تەقەیان کردووە، بەپێی گێڕانەوەکان لە نەوە و کەسانی نزیک بە شاعیر (٢٠-٢٥) پێشمەرگە و حیلمی شاعیر و کەڵەکەوانەکە دەبنە (٢٢) یان (٢٧) کەس، شەو کە گەڕاوەتە ماڵەوە بەپێی قسەکانی شەمسەخان (٢٠-٢٥) پێشمەرگەی لەگەڵ بووە، ئایا کار و ئیشی ئەم پێشمەرگانە چی بووە لەگەڵ ئەحمەدموختاردا، ئایا تەنیا سک پڕکردن بووە، یان ئەرکی چاودێریکردنی شاعیریان لە ئەستۆ بووە. کاتێکیش لە کەڵەکەکە پەڕیوەتەوە بەپێی قسەکانی شەمسەخان و خەڵکانی تریش دوو پێشمەرگە لەسەر کەڵەکەکە و کەڵەکەوانەکەیشی لەگەڵ بووە و حیلمی شاعیریش لەودیو ئاوەکەوە بووە، ئەم دوو کەسە

ئەگەر کەسی دڵسۆزی شاعیر بوون، بۆچی نەیانتوانیوە وەڵامی ئەو دەستە پیسە بدەنەوە، یان هیچ نەبێت بەشوێن ئەو کەسانەدا بڕۆن و دەستەکە دەربخەن...؟!

شوان گەرمیانی ڕای وایە کە نووسەران و شاعیران و هاوڕێیان و کەسانی نزیک بە شاعیریش کەسی بکوژ دەناسن و شاردوویانەتەوە... پێیشی وایە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ناوەکان ئاشکرا بکرێن و ناوەکان ڕوون دەکاتەوە، بەڵام بە ناوی کورتکراوە (ڕەمز) ناوەکان دەهێنێت و ناتوانێ بە ڕوونی ناوەکان بڵێت، هەروەها دەڵێت بە دەسیسەی (ح. م) کوژراوە، دوای ئەوە سوڵح کراوە و بەخشێنراوەتە منداڵەکانی شاعیر، دواتر هەڵهاتووە و دوای چەند ساڵێک دەگەڕێتەوە هەڵەبجە و لە حکوومەتی عێراقی پاداشتی خۆی وەردەگرێت.

ئەحمەدموختار خۆیشی لە نامەیەکدا نووسیویەتی با خوێنم بەخۆڕایی نەڕوات، بەڵام ئەو نامە بە کێی داوە؟ لای کێیە؟ چی بەسەر هات؟ چی تێدا نووسراوە؟! هەموو ئەمانە پرسیاری بێ وەڵامن. پێم وایە ئەم نووسراوەی شوان گەرمیانی جگە لەوەی هەندێ ڕاستی تێدایە، لە هەمان کاتدا لە ژێر گوشار و ترسێکدا نووسیویەتی و نەیتوانیوە ناوەکان بە ڕوونی بڵێت، گوشاری بۆ خۆی هێناوە و هەندێ لە زانیارییەکانی درکاندووە و ئەوانی تری ترسێکی زۆری تێدا دەبینرێت.

دکتۆر حەسەن جاف لە بابەتێکیدا لەسەر حامید بەگی جاف و لە پەراوێزێکدا دەڵێت: "دەنگۆیەکی وەها بڵاوە گوایە خوالێی خۆشبێت حامید بەگی مەجید بەگی برازای کە کارمەندی دەوڵەتی ئێراق بووە لەو سەردەمەدا دەستی لەو پلانەدا هەبووبێ، من پێش وەفاتی حامید بەگ، وابزانم لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ دابوو، دیدارێکم لەگەڵ ناوبراودا کرد و بە ڕاشکاوی دەنگۆیەکەم کە لە ناو زۆربەی خەڵکدا باوە، بۆ گێڕایەوە، لە وەڵامی پرسیارەکەمدا ئایا ئەم دەنگۆیە ڕاستە؟ وتی: بە هیچ وەختێک من دەستم لەم پلانەدا نەبووە، بەڵام دەمەوێ ئەم حەقیقەتە بخەمە بەرچاو کە ئەحمەدموختار دەستی دابووە بابەتێک لە توانایی و وزەی ئەودا نەبوو، یاخی بوون لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێراق لەو قۆناغەدا بە تەواوی دژ بە بەرژەوەندی ئینگلیزەکان بوو، مەودای ئەوەیان بە هیچ کەسێک نەدەدا دژ بەو دەوڵەتە بجووڵێتەوە، ئەوەبوو ئەحمەدموختار کە دەستی دایە چەک و لە دەوڵەت یاخی بوو، کاربەدەستانی ئینگلیز و حکوومەتی ئێراق ئەم بزاڤەیان بە مەترسییەکی گەورە هاتە بەرچاو و دەترسان پەرە بسێنێت! بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانیدا کە زۆربەی خەڵکەکەی لە سیاسەتی حکوومەتی ئێراق و ئینگلیزەکان ڕازی نەبوون، هەستی نەتەوایەتییان یەکجار بەهێز بوو، ئەوەبوو ئینگلیزەکان و حکوومەتی ئێراق هەموو توانایان خستە گەڕەوە بۆ لەنێوبردنی ئەحمەدموختار جاف و لە پیلانێکی داڕێژراودا ڕەشکوژیان کرد". (گۆڤاری ڕامان، ٢٢٤، ١٥٨)

بەپێی ئەم قسانەی حامید بەگ و کورد وتەنی کەس بە ماستی خۆی ناڵێت ترشە و کەسیش تاوانێکی وەها شێوە ناخاتە ئەستۆی خۆی، حامید بەگ تا ساڵانی (١٩٧٠)یش پارەی ئەو هاوکارییانەی لە نەوەکانی شاعیر وەرگرتووەتەوە، ئەوەی ئەم بابەتەی ئاڵۆز کردووە باس لە هەر بابەتێک دەکەی لەم ڕووداوەدا، بەڵگە و قسەی جددی لەسەری هەیە... هەر بۆیە من بڕوام وایە ئەم بابەتە بەجددی و گشتی و ڕاستەوخۆ پێوەندی بە بابەتی سیاسییەوە هەیە و پەیوەستیشە بە دەوڵەتی عێراقی و ئینگلیزەکانەوە. ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت و ئەوەی لەم بابەتەدا باسمان کردووە، بەپێی نووسین و نووسراوەکان و گێڕانەوەکان بووە، هەرچی نووسین و گێڕانەوەکانیش هەیە لێکمان داوەتەوە و لەگەڵ حەقیقەتی بابەتەکەدا گوتوومانە و خستوومانەتە ڕوو، هەرچی دژەیەک و پێچراوەکانیش هەیە لێکدراون و ڕوون کراوەتەوە... ئەوەی ماوەتەوە بۆ لێکۆڵەران و مێژوونووسانی بەجێ دەهێڵین.

* بۆ ڕوونکردنەوە چ لەم بەشەدا، یان لە بەشەکەی پێشوودا ناوی ئەحمەدموختار دەبێ بەیەکەوە بنووسێ و نابێ لە یەکتر دوور بن، چونکە ناوێکی لێکدراوە.

(ڕامان)

**پەراوێزەکان:**

٧- تاريخ الوزارات العراقية: عبدالرزاق الحسني، ج ١٠، گ ٧، بغداد- ١٩٨٨، (ص ٢٩٠).

٨- تاريخ الوزارات العراقية: عبدالرزاق الحسني، ج ١٠، (ص ٢٩٣).
٩- الحكومة العراقية: محاضر مجلس النواب، الدورة انتخابية الثالثة، اجتماع سنة ١٩٣٠، (ص٩٣، ٩٤، ٩٥).

**سەرچاوەکان**

**کتێبەکان:**

١- ئەحمەدموختار بەگی جاف (شاعیر و مرۆڤ): عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٠.
٢- دیداری تایبەت بە شاعیر ئەحمەدموختار جاف: لە بڵاوکراوەکانی دیداری ئەحمەدموختار جاف، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وێژەیی سلێمانی- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٣.
٣- دیوانی میرزا غەفوور: عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٩١.
٤- بەشێک لە دیوانی شێخ بابا عەلی (بێدار): ئیبراهیم باجەلان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، ٢٠٠٣.
٥- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی: ئا- ئومێد کاکەڕەش، چاپی دووەم، پرۆژەی هاوسەر، ٢٠٠٥.
٦- مێژووی ئەدەبی کوردی ((مێژوو، ئەدەب، زانیاری)): عەلائەددینی سەجادی، چاپی دووەم، ئینتیشاراتی کوردستان، ١٣٩٥.
٧- دیوانی ئەحمەدموختار جاف: عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا- ١٩٨٦.
٨- دیوانی ئەحمەدموختار جاف: عەلی کەمال باپیر ئاغا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی- ١٩٦٠.
٩- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە: عادل سدیق عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی- ٢٠١١.
١٠- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی: ڕەفیق حیلمی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر- ٢٠١٠.
١١- عادیلەخانم، کەسایەتی و ئەردەڵانی بوون و ساحێبقڕانی بوونی: عادل صدیق عەلی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
١٢- گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم: عەلی کەمال باپیرئاغا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕاپەڕین- سلێمانی، ١٩٦٩.

**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**

١- گۆڤاری ڕۆڤار (ئەحمەدموختار جاف): ژمارە (٥٦)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ئەیلوولی ٢٠٠٩.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی ساڵی ١٩٥٩ کە لە شاری تاران دەرچووە.
٣- گۆڤاری ڕامان: ژمارە (١٤٠)، ٢٠٠٩/١/٥.
٤- گۆڤاری مامۆستای کورد: ژمارە (١٤)، بەهاری ١٩٩٢.
٥- گۆڤاری مامۆستای کورد: ژمارە (١٥)، پاییزی ١٩٩٢.
٦- گۆڤاری مامۆستای کورد: ژمارە (١٧ و ١٨)، بەهار و هاوینی ١٩٩٣.
٧- ڕۆژنامەی کۆمەڵ: ژمارە (٢٣٢)، ڕۆژی شەممە، ٢٠٠٦/٧/٢٢.

**بەڵگەنامە و دەستنووسەکان:**

١- دەستنووسی شیعرەکانی ئەحمەدموختار، بە پێنووسی سەیید عەلی (کەمالی)، ١٣٣٤ی کۆچی.
٢- دەستنووسی شیعرەکانی تاهیر بەگی جاف، بە پێنووسی سەیید عەلی (کەمالی)، ١٣٣٤ی کۆچی.
٣- دەستنووسی شیعرەکانی نالی، بە پێنووسی سەیید عەلی (کەمالی)، ٢٩ی ڕەمەزانی ١٣٣٢ی کۆچی.
٤- دەستنووسی شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بە پێنووسی سەیید عەلی (کەمالی).
٥- دەستنووسی شیعرەکانی سالم، بە پێنووسی سەیید عەلی (کەمالی).
٦- دەستنووسی شیعرەکانی موستەفا بەگی کوردی بە پێنووسی سەیید عەلی (کەمالی)، ١٣٣٤ی کۆچی.
٧- دەستنووسی شیعری شاعیرانی کورد و فارس، بە پێنووسی سەیید عەلی (کەمالی)، ١٣٣٣ی کۆچی.
٨- کەشکۆڵی کفری، ئەم کەشکۆڵە لە مزگەوتی گەورەی شاری کفری بە دەستی ئەحمەد مەجنوون نووسراوەتەوە، ١٣٥٠ی کۆچی.
٩- کەشکۆڵی سۆزی نیشتمان، مامۆستا نەجمەددین مەلا، بە پێنووسی کەمالی، ١٩٤٢.
١٠- کەشکۆڵی مینای شکەستەی مامۆستا نەجمەددین مەلا، بەرگی ٣، ١٩٤٢.
١١- بەڵگەنامەیەکی موڵک فرۆشتن بە پێنووسی ئەحمەدموختار، ١٩٣٤/٤/١٢.